# ئازاد له كۆت و بەندی بەرقەع یان له هەلاواردنی جنسی

نوسەر: ئەفسانەی خاشع

وەرگێر: سەیران رەحیمی

ئەگەر چاویك به سەر بارودوخی ژنان له میژوی ئەفغانستان دا به تایبەت له سەدەیەی رابردو بکەین.دەبینین كه نه تەنیا ئال و گوریك به قازانجی ژنان پیك نەهاتوه بەلكو به دەسەلاتی هیزەكان و بیروبوچونەكانی دواكەوتووی چارەرەشی و هەلاواردنی جنسی زورتر له هەر كاتیكی تر بوه.

زوتر بەو مانایەی كه هەلاواردنی جنسی له كەش و هەوای تەواوی دەسەلاتی زال به سەر كومەلگادا ،ریگەی بۆ هەریمی بنەمالەهایك كردوەتەوه كه روژگاریكی نه زۆر دور له هاوسەنگی له گەل ئەو دواكەوتویەی ئیستا ژنەكانیان ریز حورمەتیكیان بوه.

بو دەسەلاتداران و سەرانی ئەفغانستان میژوی بابەتی ژن،ماڤ و مەزایا و دەورو نەخشی كومەلایەتی ئەو بابەتیكی چكولەبوەو ئەو جورەی كه دەی بینین هەروەها ئەم بوچونه به سەر جەماوەردا زاڵه.لەم بوچونەدا نه تەنیا ژن به ئینسانیكی تەواو ناژمیردریٚ بەلكو پلەوپایەی ئەو له چوارچیٚوەی كەرەستەیەك بۆ له بەین بردنی پیداویستی جنسی واوەتر پیاو ناروا هەروەها ئامرازیكیشه بۆ بەرهەم هینانی منداڵ.

ژنانی ئەفغانستان چ له نیٚو كومەلگادا و چ له نیو بنەمالەكانیشیان دا هەمو كاتیك چەوسانەتەوه بەلام بەو ئال و گورانەی كه به سەر ئەم چەند دەیەی رابردودا هاتوه ئەم چەوساندنەوەیه قوژبنهایه كی رونتر و توندتری به خویەوه گرتوه.

هەزاران ژن دەست دریژیان كراوەته سەر،بەردەبارن كراون وەكو كەرەستەیك كرین و فروشتنیان پیی كراوه.ئامریكا و هاوپەیمانەكانی بەلینیان دابوو كه شەری ئەفغانستان رزگاری ژنانی بەدواوه دەبیٚ.كاتیك كه هیزی نیزامی ئامریكا هیرشی كردە سەر ولاتی ئەفغانستان ریبەرانی ئەم ولاته لەوانه سەروك كومارەكەی جورج بوش سەركوتی ژنانی به كەلك وەرگرتن له تالبان دەست پی كرد.به سەرنج دان بەم روانینه چەند حەتوو دوای هێرشی هیزەكانی نیزامی خانمی بوش وتی:ژنانی ئەفغانستان ئیتر له مالەكانیاندا یەغسیر نابن.بەلام ئیستا دوای دو سال ونیو له روخانی دەسەلاتداریەتی دواكەوتوی عەشیرەتی ئیسلامی تالبان،دەولەتی بیٚ ناوەروكی ئەفغانستان به ریبەری دەست و پەیوەندە به كریگیراوەكان نه تەنیا له بابەت چاك بونەوەی كارو بارودوخی ژنان بەرەوپیش نەچوه،بەلكو

**به پەسەند کردنی یاساکانی دواکەوتووی پشت ئەستوور بە شەرعی ئیسلام زنجیرەکانی کویلەتی لە هەر کات زیاتر لە دەست و پیی ژنان ئالاندوه.**

**بەلام بوچوونی درویینەی زال بە سەر ئازادی ژن کە تابلوکەی لە هەرچی دۆکان و بازاردا هەلواسراوه و هەر روژه لە میدیاکاندا کەلکیان لیٚ وەردەگریت و پروپاگەندەی بۆ دەکریٚ،بەلام لە روانگەی خەلکی ئازادیخوازو کومەلگەی نیۆنەتەوەیەوه هەولیکی بیٚ هویە بۆ سەر پوش دانان لە سەر راستیەکان شەر لە دژی تروریزم ( شەری ساردی‌دوینی ئامریکا)بوه هوی رۆخانی _تالبان_بەلام دواکەوتووی مەزهەبی و خوازیارانی ئەم بوچونە کە هوکاری سەرەکی و گەورەی و چارەرەشی ژنانی ئەفغانستانە کە لە سایەی سەری یارمەتیە بیٚ وچانەکانی ئەرباب (ئامریکا )هەر وەها هیزی لە دەست دایە و لە سەر چارەنوسی کومەلگا لەوانە ژنان زالّە.**

**ژنان لە زوربەی ناوچەکانی ئەفغانستان لەوانە کابول هیشتا ناچارن بەرقع لە بەر بکەن و لە بەشداری و هەلسورانی کۆمەلایەتی بی بەشن.هیشتا دێوەزمەهاییکی وەك سەیاف ،شنواری،رەبانی،پیری گیلانی،سەبغەتولا،و....... بەو بوچونە دواکەوتوانە بە رونی و بە ئاشکرا رو بە ژنان دەلین کە ئیوە عەقاتان تەواو نیە و مافیکی بەرابەر و یەکسانتان لە گەل پیاوان دا نیە.**

**زوربەی کچان دوای سوتانی کتیبەکانیان لە لایەن کەسە ئیسلامیەکان و چاوترسن کردنی خۆیان و بنەمالەکانیان ناوێرن بچن بۆ خویندنگا.**

**لە روژئاوای ئەفغانستان لە وەلایەتی هەرات فەرامینی ئیسلامی ئیماراتی تالبان بە کردوه دەر دینن.کچان لە کوچەو کولانەکاندا بە زورەملی دەیانبەن بو تاقیگاکان هەتا پەردەی کچینیان بە تاقی بکەنەوه .ئیش و هەلسورانی ژنان لە ریکخراوەی نەتەوەیەك گرتوەکان و دامەزراوه ناحوکمیەکان قەدەغەیە.**

**هیشتا کیشەی بلاو کردنەوەی گورانیەکانی ژنان لە تەلەفزیونی کوماری ئیسلامی ئەفغانستان کوتای نەهاتوه.بازاری کڕین و فروشتنی ژنان وەکو کەرەسەیەك هەر باوه .سات و سەودای دەلالی بەربلاوتر لە هەرکاتیکی تره .ئەو کەسەی کە چەکی پییە بە سەربەستیکی تەواوه ریزو حورمەتی خەلك لە ژیر پیدەنی.لیرەدا چەن نمونەیەك لە ئازادی ژنان لە ولاتی ئەفغانستان باس دەکەین کە لە سایەی سەری ئینسان دوستی پەریەکان و پەیام هینەرانی بەشەریەت بە بەژنیان براوه زیاتر هەست بە قولایی ئەم کارەساتەو بارودوخی راستەقینەی کویلەتی ژنان دەکەین کە تا چ رادەیکە.شەکیبا ئەو کیژه لاوه بو کە تەنیا 19 سال لە بەهاری ژیانی تیدەپەری ئەو لە نارەزایەتی بە زەواجی زوره ملی خۆی ئاگر تی**

بەردا.شەکیبا بە رشتنی 5لیتر نەوت بە جەستەی خویدا کوتای بە ژیانی هێناو بەو کارەی سەلماندی کە مردن زور باشترە لە ژیانی کویلەتی .شەکیبا یەکیك لە سەدان ژنی لاوی ئەفغانیە کە لە نارەزایەتی بەوەی کرین و فروشتنی پی نەکری خۆی دەسوتینی.,بنەمالەکەی شەکیبا ئەویان لە بڕی 10هەزار دولار فروشتبو بە پیاویکی 28 سال تەمەن،شەکیبا لە وتوویژیکی تەلەوزیونیدا ئاوا دوا"بنەمالەکەم منیان فروشتبو ئیتر من نەمەدەزانی چی بکەم شەکیبا کە 92لە سەدی جەستەی توشی سوتاوی ببو سیٚ حەوتو دوای ئەم وتوویژە گیانی لە دەست دا.شەکیبا لەم بابەتەدا بە تەنیا نیە لەو شارەی کە ئەو لە دایك بوە واتە شاری هەرات لە 6مانگی سەرەتای سالی پیشودا 100ژن خۆیان سوتاندوە( هەلبەت لە ئامارە رەسمیەکاندا ئەم ژمارەیە 52کەس راگەیندراوە ).

دوو سال و نێو پیش ئەمرو بەر لە روخانی رژیمی تالبان لە زوربەی کۆی راگەینەرەکانی جیهانی وینەهایك لە ژنان و کچانی ئەفغانی بلاو کرایەوە کە لەواندا ژنان بەرقەعەکانیان بەو مانایەی کە لە کوت و بەندی هەلاوالادنی جنسی رزگاریان بوە توڕ هەلدەدا وە هەروەها ئەو کچولانەی کە بو یەکەم جار لیو بە بزە دەچونە سەر وانەکانی دەرس وتنەوە ،بەلام ئەمانە هەموی روالەتی شتەکان بوون.

لە راپورتەکانی ریکخراوی" kindwomen"لە بابەت هەلومەرجی ژنان هاتوە، ژنان هیشتا ناتوانن بە تەنیا لە مالەکانیان بچنە دەرەوە مافی ڕا دەربرینیشیان نیە.تەنیا سیٚ لە سەدی کچان و سی و نۆ لە سەدی کوران لە ماف فیر کردنی سەرەتای بەهرەمەندن .کچان بە زورەملی بە شو دەدرین یان باشتر وایە بلین دەفروشرین .ئەفغانستان ناسی سویدنی پتر هوکستروم لەم بارەیەوە دەلی بارودوخی 90 تا 95 لە سەدی ژنان دوای روخانی تالبان چاك نەبوەتەوە .

بیرو بوچونی قولی دواکەوتوانە هیشتا لە زوربەی دیهاتەکاندا باوە هەر لە بەر ئەم هویانەشە ژیانی بنەمالە ،پەیوەندی نیوان ژن و پیاو ،بارهینانی کچان و کوران بابەتیکی عەشیرەییە.

ئەوانی کە باسمان کردن نمونەهایك بو لە هەلاواردنی جنسی کە لە دژی ژنان بەریوە دەچن تا کاتیك کە یاسا شەرعیەکانی ئیسلامی بە سەر بیرو زەینی خەلکدا زال بیت وە ئەم بوچونانە لە سەرەوەی ئیدارەی کارو باری کومەلگا بیت ئاشکرایە کە هیچ ئال و گوریك لە بارودوخی ژنان پیك نایەت. ولاتی ئەفغانستان بو تی پەربون لەو جەهەنمەی ئیستا پیویستی بە یاسایکی سکوولارە.

کومەلگاییکی مەدەنی کە لەودا کەسەکان جیاواز لە جنسیەتیان وەکو شارومەندیك ریزیان لی بگیریت.ئەگەر چاویك لە پەسەند کراوەکانی ئەم یاسایە بکەین ئەوەی کە پەیوەندی بە

ژنان و مافەکانیانەوە هەیە دەبینین کە ئەم گەلالەیە بە سرنج دان بە روحی زال و دەسەلاتەکەی ( شەرعی ئیسلام ) هیچ مافیك بۆ ژنان لە بەر چاو نەگیراوە .ئەم یاسایە ریگەی بۆ بوچونەکان و لیکدانەوە ئاینیەکان لە ڕوانگەی ئیسلامیەوە کردوەتەوە .
ئەم یاسایە لە هیچ دیڕیکیدا باسی لە قەدەغە بونی زواجی زورەملی فروشتنی کچان نەکردوە .نە تەنیا دژایەتیکیشی لە گەل ئەم کردوانەدا نیە بەلکو لە ژنان و کچانیك کە مل کەچی ئەم کردەوانە نابن پشتیوانیش ناکات. وە هەر وەها دژایتیکیشی لە گەل ئەوە نیە کە ئەم ژن و کچانە بە تاوانبار بناسرین و بدرینە بەر ئازارو ئەزیەت و ئەشکەنجەوە.لە هیچ شوینیکی ئەم یاسایەدا نەهاتوە کە ماف ئیش کردن لە شەرایەتی یەکساندا ،حەقدەستی یەکسان لە بەرانبەر کاری یەکساندا ،بەشداری کومەلایەتی یەکساندا بو ژنان لە بەر چاو بگیریت .ئەم یاسایە توندوتیژی لە نیو بنەمالەدا لە دژی ژنان و دەسدریژی جینسی بو سەر ژنان و مندالانی کچ بە تاوان نازانی.دەستدریژی جنسی بو سەر ژنان نە تەنیا بە تاوان نازانی بەڵکو لە روانگەی پیاوسالاری زالەوە قامکی سەرزەنشت بۆلای ئەو ژنانەی کە قوربانی ئەم دیاردەیە بوون رادەکێشیَ و بە هۆکاری فەسادیان دەزانیَ و بەرەو سیا چالْ وزیندانیان بەریَ دکات بەو جۆرەی کە لەم یاسایە دا گونجاوە لە بابەت قەتلە ناموسییەکانەوە کەهەمو رۆژێك لە ژنان و کچانی لاو قوربانی دەگرێت هیچ یاسایەك لە بەرچاو نەگیراوە بەڵکو بە پشت بەستن بە بیرو بوچوونی کونوو دواکەوتوو بواری پیك هینانی جینایت لە دژی ژنان بەبیانووی پارێزگاری لە نامووسو شەرەف بنەمالە خوش دەکات و بەجوریك یاسایی و پاساوی دەکات هەلاواردەنی جنسی کەبە شیوەگەلی جوراجور چ لە نیو بنەمالەداو چ لە ئاستی کومەلگادا لە دژی ژنان دەکری ئیدانە ناکات تەنانەت رەسمیەتیشی پی دەدات.
بە پی پەسەند کراوەکانی ئەم یاسایە ژن ناتوانی کەسایتیەکی سەر بەخۆ بێت. وەکوو ملکی پیاو دژمیردریت لە پیاو وەکوو سەرپەرشتی ژنان نێو دەبن. لەئاکام دا ئەوەی کە ژن ماف شارومەندی نیەو نایشتوانی وەکوو سەرکومار هەڵبژیردەری چوونکە ئەم بابەتە لە سەلاحیەتی جنسی ئەو بەدەرە ئەو کە یاسایەکی مەدەنی و ئازادی ژن دەستەبر بێت زۆرتر وەك گالتەیك وایە. هیشتا لە بەشیکی بەر بەلاوی ئەم ولاتە شەلاّق لی دانوو بەردەباران کردن هەر باوە. هەر چەند کە لە بەر کردنی بەرقەع زۆرە مەلی نیە بەلام ژنان ناویرن لە سەریان لابەرن. ئەوەی کە ژنان دوای روخانی رژیمی ئیسلامی تالبان دەتوانن لە دەروی مالدا ئیش بەکن شەتیکی باشە بەلام نابی ئەوش لە بیر کین کە ئەم ئیشانەی کە ژنان دەی کەن وەکوو ئیشکی بی ئەرزەش دەژمردین ولا تی ئەفغانستان وەلاتیکە کە لەسەر ئەسایکی دژی ژن

بنيات نراوە. لە بەشيكی بەر بەلاو لە ولاتدا شەری گەورەكان و دەسەلاتداران زالە كە ئاساكانی شەرعی ئيسلام هەر وەكوو رژيمی تالبان بەريوە دەبن. ئەگەر ژنان حيجاب نەپوشن سەرپيچی بكەن دەكەونە بەر توتد و تيژييەوە. زۆربەی ژنان هيشتا چارشێوەكانيان هەر بەسەرەوەيە. ياسايك نيە كە بەشداری ژنان لە كارو باری سياسی كومەڵگادا تەزمين بكات. سالی رابردوو نزيكەی هەزارژن لەكابول لە دەوری يك كوو بونەوەو خوازياری لاچوونی زواجی زورەملی بوونوو قەتع نامەيك يان لە بارەيەوە پەسند كرد بەلام ئەوەی كە لە كردەوەدا نيشان دەدريت لە لايەن هێزەكانی سەركيەوە پيشتيوانی يان لی دەكری كويلەتی جنسييە.
زۆربەی ژنان بە تايبەت كچان لە تەمەنی زورلە خوارەوە بەشوو دەدرين يان باشتر وايە بەلين لە لاين بەنەمالەكانيانەوە دەفروشرێن. قاچاقی ژنان و مەندلان رۆ لە زياد بوونە كچان لە ئەفغانستان دەرفيندرين و لە رێگای پاكستانەوە بە مە بەستی لەش فروشی دەبرين بو ولاًتانی ئوروپايی.تەنيا15لەسەدی زنانی سەرووی 15 سال دە توانن بنوسن وبخويننەوە- زۆريەك لەبنەمالەكان لەوەیمندالیكجيان هەيەخويان بە سە ر شوردەزانن بەتايبەت ئەوبنەمالانەی كە مندالی كوريان نيە. وەزارەتیدادیكوماری ئە فغانستان بە پشت بەستن بە ياساكانی شەرعی ئيسلامی هيشتا كەسايەتيكی سەربەخو بوژنان بەروا نازانی ژنان ناويرن هاوسەركانيان خويان هەلی بژيرن تەنانەت ئيزنی ئەوشيان نيە داوای جيابوونەوە لەپياوەكانيان بكەن و پەيمانی زەواجەكەيان هەلوەشينەوە.
يان بتوانن رەخنە لە هاوسەركانيان بگرن ئەگەر بە پیچەوانەی ئەمانە هەلسووكەوت بكەن بەتاوانی بی ئابروويی سجيان دەكەن لە سال دا 16 هەزار ژن بەهوی مندال بوون و كاتی سكپری گيانيان لە دەست دەدەن كە ئەم ئامارە دووهەمين رەقەمی مردن لە ئاستی جيهاندايە. ريكخراوی لێ بردونی نيونەتەوەيی لەم بارەيەوە دەلی: هەلو مەرجی ژنانی ئەفغانستان دوای روخانی تالبان زۆر خراپە. لەم ولاتەدا ژنان هيشتا دەكەونە بەر دەست دريژی جنسيەوە .

سەرچاوە: ماڵپەری عەسری جەديد